**وەزارەتی كار و كاروباری كۆمەڵایەتی**
**ژمارە: ٤٩٩ لە ٢٠١٨/٢/٤**

پشت بەستن بە ئەحكامی (ماددەی ١٥٢) لە یاسای كار ژمارە (٧١)ی ساڵی (١٩٨٧) ئەو ڕێنماییەمان دەركرد:

## ڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٨

## ڕێنمایی مۆڵەت پێدانی نوسینگەكانی بەكارخستنی كرێكاری خۆماڵی لە كەرتی تایبەت لە هەرێمی كوردستان – عێراق

**ماددەی (١):-**

١- هەرێم: هەرێمی كوردستان- عێراق.

٢- وەزارەت: وەزارەتی كاروكاروباری كۆمەڵایەتی لە هەرێم.

٣- وەزیر: وەزیری كاروكاروباری كۆمەڵایەتی لە هەرێم.

٤- بەرێوەبەری گشتی: بەرێوەبەری گشتی كارودەستەبەری كۆمەڵایەتی.

٥- نوسینگەی بەكارخستن: نوسینگەیەكی رێگەپێدراوە لەلایەن وەزارەتەوە كە خاوەنەكەی كەسێكی مەعنەوی بێت وەك ( كۆمپانیا- رێكخراو- سەنتەرەكانی راهێنانی پیشەیی لە كەرتی تایبەت).

٦- كرێكاری خۆماڵی: هەر كەسێك رەگەزنامەی عێراقی بێت وئارەزوی كاركردنی هەبێت لە كەرتی تایبەت.

٧- مۆڵەتی كاركردن: بەڵگەنامەیەكی فەرمی یە لەلایەن وەزارەتەوە دەردەچێت بە پێی نمونەیەكی ئامادەكراو مافی كاركردن دەداتە نوسینگەكانی بەكارخستن.

٨- گرێبەستی كاركردن: رێككەوتنێكە لە نێوان كرێكارو خاوەن كار كرێكار پابەند دەبێت بە ئەنجامدانی كارێكی دیاری كراو لەژێر چاودێری ورێنمایی خاوەنكار بەرامبەر ئەو كرێ یەی كە لە سەری رێككەوتوون بە مەرجێك لە كەمترین رێژەی كرێی كرێكاری ناكارامە كەمتر نەبێت.

**ماددەی (٢):-**

كاری نوسینگەكانی بە كارخستن بریتییە لە پێشكەش كردنی خزمەتگوزاری رێكخستنی نێوان خستنەرووی هەلی كار وداواكاری لەسەری (العرض والطلب) ، بە بێ ئەوەی ببێتە لایەنێك لەو پەیوەندیەی كە لە ئەنجامیدا دروست دەبێت .

**ماددەی (٣):-**

وەزیر یان ئەو كەسەی دەسەڵاتی لەلایەن وەزیرەوە پێ دەدرێت . دەسەلات پێدانی مۆڵەتی كردنەوە و سەندنەوە و بەدواداچوون لە كارەكانی نوسینگەی بەكارخستن هەیە و لیژنەیەكی پسپۆری تایبەت پێكدەهێندرێت بۆ ئەم مەبەستە .

**ماددەی ( ٤ ):-**

**مەرجەکانی کردنەوەی نوسینگەی بەکارخستن :**

**١- دەبێت خاوەنەکەی کەسێکی مەعنەوی بێت کە تۆمارکرابێت لەلایەن فەرمانگە تایبەتمەندەکان.**

**٢- پێشکەش کردنی بەڵگە نامە فەرمییەکان .**

**٣- دابین کردنی شوێنێکی گونجاو بۆ نوسینگەی بەکارخستن لەگەڵ گشت خزمەتگوزارییەکان .**

**٤- کارمەندانی نوسینگەی بەکارخستن پێویستە لێهاتوو و ڕاهێنراو شارەزاییان هەبێت لەو بوارە.**

**ماددەی ( ٥ ):-**

**ئەو بڕە پارانەی خوارەوە لە نوسینگەکانی بەکارخستن وەردەگیرێت:**

**١- بڕی (٢٥٠,٠٠٠) دووسەدو پەنجا هەزار دینار لە بڕی پێدانی مۆڵەتی کردنەوە ئەگەر خاوەنی نوسینگەی بەکارخستن بەرەگەز عێراقی بێت.**

**٢- بڕی (٥٠٠,٠٠٠) پێنج سەد هەزار دینار لە بڕی پێدانی مۆڵەتی کردنەوە ئەگەر خاوەنی نوسینگەی بەکارخستن بیانی بێت.**

**٣- بڕی (١٥٠,٠٠٠) سەدو پەنجا هەزار دینار لە بڕی نویێ کردنەوەی مۆڵەت ئەگەر خاوەنی نوسینگەی بەکارخستن بەرەگەز عێراقی بێت.**

**٤- بڕی (٣٠٠,٠٠٠) سێ سەد هەزار دینار لە بڕی نوێکردنەوەی مۆڵەت ئەگەر خاوەنی نوسینگەی بەکارخستن بیانی بێت.**

**ماددەی ( ٦ ):-**

**١- نوسینگەی بەکارخستن بۆی هەیە تەنها بۆ یەکجار بڕێك پارە لە کرێکار وەربگرێت بە مەرجێك لە ڕێژەی (٢٥٪) لە کرێی یەك مانگی کرێکار تێپەر نەکات بەرامبەر دۆزینەوەی هەلی کار بۆی.**

**٢- نوسینگەی بەکارخستن مافی ڕێککەوتنی هەیە لەگەڵ ئەو پرۆژانەی کە داوای کرێکار دەکات لە سەر بڕە پارەیەك بەرامبەر دابین کردنیان .**

**٣- پێویستە گرێبەستی کار هەبێت لە نێوان لایەنە پەیوەندیدارەکان وە لە دادنووس پەسەند بکرێت .**

**ماددەی ( ٧ ):-**

**دەبێت نوسینگەی بەکارخستن پێش ڕەوانە کردنی کرێکار بۆ شوێنی کار، دڵنیا بێت لە مەرجەکانی تەندروستی و سەلامەتی پیشەیی لە شوێنی کارەکە .**

**ماددەی ( ٨ ):-**

**نوسینگەی بەکارخستن تەنها بۆی هەیە داوای ئەو زانیاریانە بکات لە کرێکار کە لە فۆڕمی دۆزینەوەی کاردا هاتووە کە تەنها بریتیە لە توانا و شارەزایی و پیشەیی داواکاری کار .**

**ماددەی ( ٩ ):-**

**نابێت نووسینگەی بەکارخستن بە هیچ شێوەیەك ئاگاداری بڵاوبکاتەوە بە هەبوونی هەلی کاری وەهمی .**

**ماددەی ( ١٠ ):-**

لەسەر نوسینگەی بەکارخستنە گشت ئەو تۆمارانە ڕێك بخات کە بۆ بەکارخستنی کرێکاران پێویستن و مانگانە زانیاری تەواو ڕەوانەی بەڕێوەبەرایەتیەکانی کار بکات. وە کارەکانی دەکەوێتە ژێر سایەی لیژنەی پشکنین.

**ماددەی ( ١١ ):-**

نوسینگەی بەکارخستن بۆی نیە کاری بەڵێندەرایەتی بکات بە دۆزینەوەی کاری ڕۆژانە بۆ کرێکاران .

**ماددەی ( ١٢ ):-**

تۆمار کردنی ناوی ئەو کرێکارانەی تەمەنیان لە خوار (١٨) هەژدە ساڵە قەدەغەیە تەنها بۆ ئەو کارانە نەبێت کە بەپێ ی یاسا و ڕێنماییەکان بۆیان دیاری کراوە .

**ماددەی ( ١٣ ):-**

پەیڕەوکردنی بنەماکانی یەکسانی و دادپەروەری لە دەستنیشان کردنی کرێکاران، دوور لە جیاوازی لەسەر بنەمای ڕەنگ، ئاین، ڕەگەز، پایەی کۆمەڵایەتی و هەرشێوەیەکی تری جیاکاری .

**ماددەی ( ١٤ ):-**

ناکرێت نوسینگەی بەکارخستن کرێکاری تر دابین بکات بۆ ئەو شوێن کارەی کە کرێکارەکانی مانیان گرتبێ.

**ماددەی ( ١٥ ):-**

١- بە پابەند نەبوونی نوسینگەی بەکارخستن بە یاسا و ڕێنماییەکان دوای ئاگادارکردنەوەی بۆ دوو جار بە شێوەی فەرمی موڵەتەکەی لێ دەستێندرێتەوە بەپێی ڕاسپاردەی لیژنەی ئاماژەکراو لە مادەی (سێ یەم) .

٢- بە نەبوونی هیچ چالاکیەك دوای تێپەربوونی (شەش مانگ) لە سەر پێدانی موڵەتی کردنەوەی نوسینگەی بەکارخستن ، موڵەتەکەی لێ دەسێندرێتەوە بە پێی ڕاسپاردەی لیژنەی ئاماژەکراو لە مادەی (سێیەم) .

بۆ نوێکردنەوەی مۆڵەتی کارکردن دووای تێپەربونی (١) یەك مانگ بۆ یەکجار ئاگادار دەکرێتەوە تا مۆڵەتەکە تازە بکاتەوە بە پێچەوانەوە لە کاتی پابەند نەبون مۆڵەتەکەی لێدەسەنرێتەوە بۆ ماوەی (١) یەك ساڵ بۆی نی یە داوای وەرگرتنی مۆڵەت بکاتەوە.

**ماددەی ( ١٦ ):-**

٣- ئەو ڕێنماییانە لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی وەقائعی کوردستان کاری پێ دەکرێت .

**د. محمد قادر محمد**

**وەزیری کار و کاروباری کۆمەلایەتی**